# راگەیاندنی کۆتایی پێنجەمین کۆنگرەی

# پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان

رۆژی ٢٧ئایاری ساڵی ٢٠١١، لەژێردروشمی(نوێبونەوەو گەشەپێدانی بزوتنەوەی چەپ لە کوردستان) پێنجەمین کۆنگرەی پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان بەئامادەبوونی (١٣٥) ئەندام لە شاری کەرکوکی دێرین دەستی بەکارەکانی کرد.

بەستنی ئەم کۆنگرەیە لە کەرکوکی کوردستان جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کەرکوک بەشێکی جیانەکراوەیە لە کوردستان وبەڵگەیەکە لەسەر کوردستانی بوونی ئەم شارە دێرینە کە شوڤێنی و نەیارانی کوردستان دەیانەوێ لە کوردستانی جیابکەنەوەو هەرگیز ئەمەشیان بۆ سەرناگرێ.

کۆنگرەکە بە سروودی (ئەی رەقیب) و خولەکێک راوەستان ماتەم بۆ یادی شەهیدانی بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان دەستی بە کارەکانی کردو، لەلایەن بەتەمەنترین ئەندامی کۆنگرەوە هاوڕێ (بەهادین نوری) بە کورتە وتارێک کرایەوە.

سەرەتا هاوڕێیانی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرە کە سێ ئەندامبوون بە کۆی دەنگ هەڵبژێردران.

ئینجا راپۆرتی سیاسی کۆنگرە ، پێشکەشکرا، لە راپۆرتەکەدا بارودۆخی نێودەوڵەتی و عەرەبی و هەرێمەکەو بارودۆخی عێراق و هەرێمی کوردستان تاووتووکران و لەلایەن چەند ئەندامێکی کۆنگرەوە گفتوگۆیان لەسەرکرا.

راپۆرتەکە جەختی کردەوە لەسەر دەستکەوتە مێژووییەکانی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان و لابردنی یاسایەکانی سەردەمی رژێمی پێشوو، دەستکاریکردنی هەندێکیان و دابینکردنی ئازادییە دیموکراتیەکان، ئازادیی دەربڕین و رێکوپێکی و حزبایەتی و سەندیکایی و رێکخراوەکان و رۆژنامە کە بارودۆخێکی باشیان بۆ رەخسێندراوە، خزمەتە کۆمەڵایەتیەکان لە زۆر بواردا بەرەوپێشەوە هەنگاویان بۆ نراوە.

بەڵام جێگەی داخە هەموو ئەم دەستکەوتانەو ئەوانیتر لە ئاستی پێویستدانین و لە ئەنجامی کەم وکوڕی و ناتەواویەکاندا لەگەڵ سەرجەم بارودۆخەکەدا کەوتونەتە بەر مەترسیی جیدیەوە.

پاشان راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەکرد کە لە خۆپیشاندانەکاندا بەشدار بووین و بۆچوونی خۆمان لەچەند راگەیاندن و پلاتفۆرمێکدا راگەیاند کە یەکگرتنی چەپەکانی کوردستان هەر لەسەرەتای خۆپیشاندانەکەوە لەگەڵ داخوازیە رەواکانی جەماوەردابووین.

لە راپۆرتەکەدا داخوازیەکانی جەماوەر راگەیەندرا کە لە چەند داخوازیەکی رەوادا چڕدەبنەوە.

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا گوتراوە:

رەوتی چەپەکان وادەخوازێت:

١- یەكێتیی ریزەكانمان و رێكوپێكیی چەپەكان بەهێز بكەین بۆ ئەوەی ئەركە مێژوییەكانی خۆیان و رۆڵی چاوەڕوانكراویان لەخەباتدا لە پێناو دوارۆژێكی باشتردا بەرنەسەر.

٢- هەڵویستی زانستانەو راشكاو لەكاری چەپداو لەگشت بوارەكاندا دیاری بكەین و لەپێناو دەسەڵاتداریی چینی كرێكارو جوتیارو زەحمەتكێشاندا خەبات بكەین بەرەو هێنانەدیی دوارۆژێكی گەشەدار بۆ گەلی كوردستان.

٣- بەهێزكردنی یەكێتیی ریزەكانی حزب و رێكخراوە جەماوەرییەكان و جەماوەری گەلی كوردستان لەپێناو گەیشتن بە مافی چارەنووسی گەلی كوردستان، بە مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستانەوەو مافی یەكگرتنی نەتەوەیی گشت بەشە لێكداپراوەكانی كوردستان.

٤- هێنانەدیی هەموو ئەو ئامانجانەی لە بەرنامەی حزبدان، بەرەو هێنانەدیی دادپەروەریی كۆمەڵایەتی و دیموكراسی و هێنانەدیی دروشمی حزبمان(كوردستانێكی سەربەخۆو گەلێكی بەختیار).

لە كۆنگرەكەدا پرۆژەی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی حزب پێشكەشكراو دوای گفتوگۆو دیراسەكردنی پەسەندكرا.

هەروا چەند راپۆرتێک لە بارەی چالاكیەكانی ماوەی پێشوو خرانە پێش كۆنگرەكەمان.

لە كۆتاییدا، لە پرۆسەیەكی دیموكراتیدا، هەڵبژاردنی سەركردایەتی حزب ئەنجامدراو(١٣) هاوڕێ بۆ ئەو ئەركە بە كۆی دەنگ هەڵبژێردران.

هەروا كۆنگرەكە كۆمیتەی راوێژكاری لەم هاوڕییانە بۆ حزب هەڵبژارد:١- بەهادین نوری ٢- زرار دەرگەڵەیی ٣- ئەكرەم مەحمود ساڵح رەشە ٤- ئەحمەد هەورامی ٥- حەمەڕەشید ئابلاخی.

كۆمیتەی سەركردایەتی لە یەكەمین كۆبونەوەیدا هاوڕێ (جەلال دەباغ) ی بە سكرتێری كۆمیتەی سەركردایەتی هەڵبژارد و هەر لەو كۆبونەوەیەدا مەكتەبی سیاسی هەڵبژارد.

سوپاسی سەرجەم ئەو حزب و رێكخراوو كەسایەتیە نیشتیمانپەروەرانە دەكەین كە بروسكەی پیرۆزباییان بۆ كۆنگرەكەمان ناردووەو هیوای سەركەوتنیان بۆ خواستووە.

**كۆنگرەكە بەزۆربەی دەنگ بڕیاریدا ناوی (پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان) بگۆڕدرێت بە:**

**( پارتی چەپی كوردستان).كۆنگرەكە بە تێكڕای دەنگ بڕیاری دا دروشمی حزب بكرێتە:**

**( كۆردستانێكی سەربەخۆو گەلێكی بەختیار).**

**كۆنگرەی پێنجەمی**

**پارتی كاری سەربەخۆیی كوردستان**

**كەركوك - ئایاری ٢٠١١**